سەید حەکیم : سەقامگیری عێراق سەقامگیری ناوچەکە پتەوتر دەکات و پێویستی بە حکومەتێکی کاریگەر بە پێیل داواکاری و خواستی گەلەکەی بێت

بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی پشوازی لە بەڕێز محەمەد کازم بالیزی کەماری ئیسلامی ئێران لە بەغدا کرد، بەڕێز بالیز پیرۆزبایی حکومەتی ئێرانی بە بۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە بەڕێز سەید حەکیم گەیاند.

سەماحەتی سەید حەکیم سوپاسی و شانازی خۆی بۆو پیرۆزباییە دەربڕی و دووپاتی کردەوە کە هەڵبژاردنەکانی ئێم جارە سەلماندوویەتی کە عێراقییەکان دەست بە ڕێڕەوی دیموکراسی دەگرن و دەستەلات بە ئاشتیانە ئاوگۆڕ دەکەن، هەروەها سەلماندوویەتی کە دەوڵەتی عێراقی توانای هەیە ئیدارەی شایستە دەستوورییەکانی خۆی بدات بۆو پێی متمانە و لەکەشێکی سەقامگیردا.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پێویستی زوو پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو لە کات و ساتی دەستووری و گرنگیشە حکومەتێکی کاریگەر بێت و بتوانێت خواستی گەلی عێراقی بدی بهێنێت و پڕە بە کارە گرنگەکان و پێشینەکانی قۆناغی داهاتوو بدات، ڕووبەڕووی ئەکابرییە سیاسی و ئابووری و خزمەتگوزارییەکان ببێتەوە.